وەزارەتی کارەبا

# کارو چالاکی و پرۆژەکانی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەم دا

- ئاداری 2021 -

وەزارەتی کارەبا

## کاروچالاکی و پرۆژەکانی کەرتی کارەبا

## هەنگاوی ستراتیژیی و دەستکەوتی گەورە

ئەم راپۆرتە تایبەتە بە پوختەی کارو چالاکی و پرۆژەکانی وەزارەتی کارەبا کە بەژمارە و داتاو ئامار ئەو راستی یە دەردەخەین کە لەماوەیەکی کورت و قۆناغێکی هەستیاری قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنادا لەکابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتی و راسپاردە و رێنمایی رێزدار ( مەسرور بارزانی ) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرێزجێگری سەرۆکی حکومەت و ستافی ئەنجومەنی وەزیران هەنگاوی گەورەو خێرا و ستراتیژیی نراوە بەرەو بونیادنانی ژێرخانی کارەبا.

لەتەمەنی ساڵ و نیوێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا لەسەرجەم سێکتەرەکان ( بەرهەمهێنان – گواستنەوە - دابەشکردن – کۆنترۆڵ) پرۆژەی گرنگ و گۆڕانکاریی گەورە ئەنجام دراوە، کە داهات و خەرجییەکی زۆر بۆ گەنجینەی حکومەت و داهاتی هەرێم گەڕێنراوەتەوەو ماوەکانی پێدانی کارەباش بەراورد بەساڵانی رابردوو رووی لەزیادبوون کردووە. هەنگاوەکانی چاکسازیی و گۆڕانکارییەکان و هەموو ئەو پرۆژە و کارو چالاکیانەی ئەنجامدراوە بۆ خزمەتی بوژانەوەی کەرتی کارەبا و گەڕاندنەوەی داهات و کەمکردنەوەی خەرجییەکان بووە، ئەمەش لە پێناو خزمەتکردنی هاوڵاتیان و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی بەرێز سەرۆکی حکومەت بووە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی هاوڵاتیان و سەرۆکی حکومەت و فەرمانبەرانی وەزارەت بکەم، کە سەرەرای خراپی دۆخی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی رێگایان نەدا ماڵەکانی کوردستان بێ کارەبا بن و چاکسازیی و گۆڕانکارییەکانی دۆخی کارەباش لەسەر رێڕەوێکی راست و دروستی زانستی بەرەو پێش بچێت .

**کەمال محمد ساڵح**

**وەزیری کارەبا**

3/3/2021

وەزارەتی کارەبا

# لەروویی یاسایی دا

| بابەت | ژ |
| --- | --- |
| دەرکردنی رێنماییەکانی تازەی پێدانی کارەبا بە هاوبەشان و لە وەقائیعی کوردستان ژمارە 240 لە 12/9/2019 بڵاوکرایەوە | 1 |
| رێگەدان بۆ بەستنەوەی پێوەری کارەبا بەڕازیبوونی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو پێکهاتانەی بە سەرپێچی ئاوەدانکرابوون | 2 |
| نەهێشتنی رۆتین لە ناو وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانی گشتی کارەبای پارێزگاکان | 3 |
| کارکردن بە شەفافیەت لە سەرجەم بوارەکاندا بە تایبەت بابەتی ڕاگەیاندنی پرۆژەکان | 4 |
| جێبەجێکردنی برگەکانی یاسای چاکسازی لە هەرێمی کوردستان | 5 |
| هەموارکردنی یاسای وەزارەتی کارەبا ژمارە (5)ی ساڵی 2006 کە بگونجێت لەگەڵ سیستەمی ئێستای کارەبای هەرێم، ئەمە بە پەسەندکردنی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە (52) لە 24/2/2021 رەوانەی پەرلەمان کراوە بۆ پەسەندکردنی | 6 |

وەزارەتی کارەبا

# ژمارە و قەبارەی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێم

| ژ | وێستگە | جۆری سووتەمەنی | قەبارەی وێستگە MW | ڕێژەی سەدی لە جۆری سووتەمەنی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دهۆک | گاز | 1000 | 81.6% |
| 2 | هەولێر | | 1500 | |
| 3 | چەمچەماڵ | | 1500 | |
| 4 | خورمەڵە | | 1000 | |
| 5 | بازیان | | 500 | |
| 6 | دهۆک | دیزل | 29 | 1.29% |
| 7 | هەولێر | | 29 | |
| 8 | سلێمانی | | 29 | |
| 9 | تاسلۆجە | نەوتی ڕەش | 51 | 7.44% |
| 10 | باعەدرێ | | 150 | |
| 11 | خەبات | | 300 | |
| 12 | دوکان | ئاو | 400 | 9.63% |
| 13 | دەربەندیخان | | 249 | |
| تێکڕای بەرهەمهێنانی کارەبا | | | 6,737 | 100% |

وەزارەتی کارەبا

## لە ڕووی زیادکردنی بەرهەمهێنانی کارەبا لەم کابینەیەدا

1- چارەسەرکردنی کێشەی تەکنیکی هەردوو یەکەکانی وێستگەی کەهرۆئاوی ( دەربەندیخان ).

2- چارەسەرکردنی کێشەی تەکنیکی یەکەکانی وێستگەی کەهرۆئاوی ( دوکان ) .

3- چارەسەرکردنی کێشەی یەکەکانی وێستگەی کەهرۆئاوی بێخاڵ .

4- بەگەڕخستنی وێستگەی ( 300 ) مێگاواتی خەباتی هەڵمی بە گوژمەی 564 ملیۆن دۆلار.

5- زیادکردنی ( 50 پیٚ سیٚجا )ی گاز کە بووە هۆی زیادبوونی ( 200 مێگاوات ).

6- مەزاختنی ( 100 ) ملیۆن دۆلار بۆ چاکسازی یەکەکانی کۆمپانیاکان کە بووە هۆی زیادبوونی ( 300 مێگاوات ).

وەزارەتی کارەبا

# لە رووی هەموارکردنی گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان

1- پابەندبوونی وەزارەت بە قەرەبووکردنی وەبەرهێنەرانی کارەبا لە 85٪ لە دیزاینی یەکەکان بە پێی گرێبەست کردوومانە بە لە 60٪ ی لە توانایی بەرهەمهێنان نەك لە دیزاین.

2- نرخی کڕینی یەکەی کارەبا کیلۆوات/دەمژمێر لە کۆمباین سایکل بە پێی گرێبەست 6.3 سەنت بووە کردوومانە بە 4.5 سەنت بۆ هەر یەك مێگاوات/دەمژمێر 18 دۆلار کەممان کردووە .

3- قەرەبووی وەبەرهێنەرانی کارەبا کیلووات/دەمژمێر بە پێی گرێبەست 3.2 سەنت کردوومانە بە 1.6 سەنت بۆ هەر یەك مێگاوات/دەمژمێر 16 دولار کەم کردەوە .

4- هەموارکردنی گرێبەستەکانی وێستگەکانی 29 مێگاواتی (هەولێر , سلێمانی, دهۆك) بەم شێوەیەی خوارەوە:

- لە روویی نرخەوە یەکەی کارەبا کیلۆوات/دەمژمێر بە پێی گرێبەست 30 سەنت کردوومانە بە 28 سەنت بۆ هەر یەك مێگاوات/دەمژمێر 2 دۆلار کەممان کردووە .
- گۆڕینی جۆری سوتەمەنی وێستگەکان لە دیزل بۆ نەوتی رەش بەم هەنگاوە تێچووی یەکەی کارەبا لە 15 سەنت دەبێتە 7.2 سەنت.
- لێخۆشبوون لە قەرزەکانی وەزارەت بە گۆڕمەی (47,576,000 دۆلار) .

(بەم هەموارەوە گوژمەکی زۆرمان گەڕاندەوە بۆ حکومەت زیاتر لە 300 ملیۆن دۆلار ساڵانە).

وەزارەتی کارەبا

**دەرئەنجامی هەموارکردنی گرێبەستەکان و چاکسازی یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و بەگەڕخستنی وێستگەی خەبات هەڵمی و زیادکردنی سوتەمەنی گازی سروشتی تێچووی یەکەکان/دەمژمێر لە سەر وەزارەت کەم کرایەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:**

| ساڵ | MW | تێچووی کیلوات/دەمژمێر بە دینار لە سەر وەزارەت | تێچووی کیلوات/دەمژمێر بە سەنت لە سەر وەزارەت |
|---|---|---|---|
| 2018 | 2,681 | 128 | 10.6 |
| 2019 | 3,173 | 88 | 7.3 |
| 2020 | 3,428 | 71 | 5.9 |

**دەرئەنجامی هەموارکردنی گرێبەستەکان و چاکسازی یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و بەگەڕخستنی وێستگەی خەبات هەڵمی و زیادکردنی سوتەمەنی گازی سروشتی تێچووی یەکەکان/دەمژمێر لە سەر وەزارەت کەم کرایەوە بەمشێوەیەی خوارەوە:**

| ساڵ | MW | کوی داهات بە ملیار دینار | کۆی شایستە داراییەکانی وەبەرهێنانی کارەبا لە ملیۆن دۆلار |
|---|---|---|---|
| 2018 | 2,681 | 289 | 831 |
| 2019 | 3,173 | 571 | 887 |
| 2020 | 3,428 | 508 | 771 |

وەزارەتی کارەبا

## لە ڕووی گرێبەستەکان بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لەم کابینەیەدا (1,690) مێگاواتی تازەمان کردووە بەبێ ئەوەی هیچ سوتەمەنی لە سەر وەزارەت بکەوێت.

| ژ | وێستگە | جۆری سووتەمەنی | قەبارەی وێستگە MW | ڕێژەی سەدی لە جۆری سووتەمەنی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خۆرمەڵە | هەڵمی | 500 | 59.2% |
| 2 | بازیان | | 500 | |
| 3 | دهۆك | وزەی خۆر | 25 | 4.4% |
| 4 | هەولێر | | 25 | |
| 5 | سلێمانی | | 25 | |
| 6 | گەرمیان | ئاو | 50 | 17.8% |
| 7 | ڕا پەرین | | 50 | |
| 8 | زاخۆ | | 100 | |
| 9 | سۆران | | 100 | |
| 10 | گەرمیان | گاز | 165 | 9.8% |
| 11 | هاوردەکردنی کارەبا لە تورکیا | | 150 | 8.9% |
| | | | 1,690 | 100% |

وەزارەتی کارەبا

# لە سێکتەری گواستنەوەی کارەبا.

## لە سنوری پارێزگای هەولێر:

1- دامەزراندنی 16کم هێڵی 132 کی.ڤی (چوارقورنە - سۆران) و گۆڕینی 37کم تەلی 132کی.ڤی لە نێوان وێستگەکانی (شقڵاوە - سۆران) بە گوژمەی (6.7 ملیۆن دۆلار).

2- دامەزراندنی 5 کم هێڵی 132 کی.ڤی بۆ وێستگەی کەسنەزان بە گوژمەی (605) ملیۆن دینار.

3- 35 کم هێڵی 33 کی.ڤی لە نێوان وێستگەکانی (ڕێزان , شێروان مەزن, مێرگەسۆر, بارزان) بە گوژمەی (11.4 ملیۆن دولار).

4- تەواوکردنی وێستگەی شێروان مەزن بە گوژمەی (3.5 ملیۆن دۆلار).

5- تەواوکردنی وێستگەی گردجوتیار بە گوژمەی (3.4 ملیۆن دۆلار).

6- تەواوکردنی وێستگەکانی ( ئازادی , کەسنەزان ,ڕووناکی ) بە گوژمەی (45.99 ملیون دۆلار).

7- چاککردنەوەی مۆبایلی پارك 132 کی.ڤی بە گوژمەی (347 ملیۆن دینار).

8- چاککردنەوەی وێستگەی پردی حافز لەچۆمان بە گوژمەی (250 ملیۆن دینار).

9- بەگەڕخستنی وێستگەی مۆبایلی مەسیف بە گوژمەی (185 ملیۆن دینار).

10- بەگەڕخستنی وێستگەی مۆبایلی بەرحوشتر بە گوژمەی (447 ملیۆن دینار).

11- کڕینی وێستگەی موبایلی شەمامك ب گوژمەی (1.6 ملیۆن دۆلار).

12- چاککردنەوەی پێنج گۆڕەری وێستگەکانی بە گوژمەی (894 ملیۆن دینار).

13- کڕینی گۆڕەری 16 مێگاوات بۆ وێستگەی چۆمان بە گوژمەی (322 ملیۆن دینار).

14- کڕینی گۆڕەری 16 مێگاوات بۆ وێستگەی نەسیج بە گوژمەی (278 ملیۆن دینار).

15- کڕینی گۆڕەری 16 مێگاوات بۆ وێستگەی شوان لە کۆیە بە گوژمەی (123 ملیۆن دینار).

16- چاککردنەوەی گۆڕەری 132 کی.ڤی لە وێستگەی کۆیی بە گوژمەی (375.000 دۆلار).

17- دامەزراندنی هێڵی 33 کی.ڤی بۆ وێستگەی ڕووناکی بە گوژمەی (3.03 ملیار دینار).

وەزارەتی کارەبا

# لە سێکتەری گواستنەوەی کارەبا.

## لە سنوری پارێزگای سلێمانی:

1. دامەزراندنی هێڵی 132 کی.ڤی لە نێوان (بازیان - چەمچەماڵ) بە گوژمەی (5.4 ملیۆن دۆلار).
2. دامەزراندنی هێڵی 132 کی.ڤی لە نێوان (بازیان - را پەرین) بە گوژمەی (21 ملیۆن دۆلار).
3. دامەزراندنی هێڵی 132 کی.ڤی لە نێوان (سەیدسادق- هەڵەبچە) بە گوژمەی (11 ملیۆن دۆلار).
4. کڕینی وێستگەی گەروك (25 میگاوات) بو عەربەت لە سلێمانی بە گوژمەی (1.82 ملیار دینار).
5. کڕینی سێ وێستگەی گەڕۆك (25 میگاوات) بە گوژمەی (5.466 ملیار دینار).
6. کڕینی 2 گۆڕەری 132 کی.ڤی 63 میگاوات بە گوژمەی (2.8 ملیار دینار).
7. کڕینی سێ وێستگەی گەڕۆك (25 میگاوات) بە گوژمەی (6.2 ملیار دینار).

## لە سنوری پارێزگای دهوك:

1. دامەزراندنی 34کم هێڵی 132 کی.ڤی (هەولێر- دهوك) بە گوژمەی (7.425 ملیۆن دۆلار).
2. دامەزراندنی 50کم هێڵی 132 کی.ڤی (سێمیل- زاخۆ) بە گوژمەی (9.6 ملیۆن دۆلار).
3. فراوانکردنی وێستگەی 132 کی.ڤی فایدە بە گوژمەی (2.5 ملیۆن دۆلار).
4. هێڵەکانی 33 کی.ڤی (قەسرۆك, بەردەڕەش, شاریا) بە گوژمەی (600 ملیۆن دینار).

## لە سنوری پارێزگای گەرمیان:

1. دامەزراندنی 7 کم هێڵی 33 کی.ڤی کەلار بە گوژمەی (870.000 دولار).
2. گۆڕینی 20کم تەلی 132 کی.ڤی (کفری–کەلار) بە گوژمەی (2 ملیۆن دولار).
3. کڕینی وێستگەی گەرۆك بۆ دەڤەری صالح ئاغا بە گوژمەی (1.225 ملیار دینار).

وەزارەتی کارەبا

# لە سێکتەری دابەشکردنی کارەبا

## ژمارەی پڕۆژەکانی لە بواری دابەشکردنی کارەبا ئە نجامدراوە لەم کابینەیە دا

| پارێزگای | ژمارەی پروژەکان | گۆژمەی پڕۆژەکان بە ملیار دینار |
|---|---|---|
| هەولێر | 186 | 19.63 |
| سلێمانی | 178 | 24.04 |
| دهۆك | 79 | 10.3 |
| گەرمیان | 26 | 2.038 |
| سەرجەم | 469 | 56.008 |

وەزارەتی کارەبا

# لە سێکتەری دابەشکردنی کارەبا

ژمارەی بەشداربووانی کارەبا لەگەڵ داهاتیان لە 1/1/2019 تاکو 31/12/2020

| پارێزگای | ژمارەی بەشداربووان |
| --- | --- |
| هەولێر | 610,617 |
| سلێمانی | 624,123 |
| دهۆك | 366,376 |
| گەرمیان | 73,648 |
| سەرجەم | 1,674,764 |

وەزارەتی کارەبا

# لە سێکتەری دابەشکردنی کارەبا

ژمارەی پیوەری زیرەك لە شارەكان دانراوە تاكو 10/3/2021

| پارێزگای | ژمارەی بەشداربووان | ژمارەی پیوەری بەستراو | رێژەی دانان |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 610,617 | 181,688 | 29.8% |
| سلێمانی | 624,123 | 198,897 | 31.9% |
| دهۆك | 366,376 | 109,780 | 30.0% |
| گەرمیان | 73,648 | 56,722 | 77.0% |
| سەرجەم | 1,674,764 | 547,087 | 32.7% |

# ژمارەی سەرپێچیەکان و بڕی پارەی سزادان

| ساڵ | ژمارەی سەرپێچیکار | بڕی پارەی سزادان | بڕی پارەی خەملاندن |
|---|---|---|---|
| 2019 | 6356 | 614,998,181 | 1,207,881,172 |
| 2020 | 10477 | 431,704,001 | 1,727,543,708 |
| کۆی گشتی | 16833 | 1,046,702,182 | 2,935,424,880 |

وەزارەتی کارەبا

## لە سێکتەری کۆنترۆڵی کارەبا

- دامەزراندنی پرۆژەی ژووری کۆنترۆڵی ناوەندی بۆ هەرێ لە سەر قەرزی یابانی بە گوژمەی 5 ملیۆن یۆرو لە 11/2/2021 کرایەوە

**دەمژمێرەکانی هەبوونی کارەبا لە ساڵەکان و مانگەکانی کانوونی دووەم و شوبات**

| ساڵ | MW | ژمارەی بەشداربوانی کارەبا | دەمژمێرەکانی هەبوونی کارەبا کانونی دوەم و شوبات | تێکرای دەمژمێرەکانی هەبوونی کارەبا |
|---|---|---|---|---|
| 2019 | 3,173 | 1,528,289 | 10,20 | 15,30 |
| 2020 | 3,428 | 1,602,759 | 11,50 | 17,05 |
| 2021 | 3,518 | 1,674,764 | 15,31 | 15,31 |

وەزارەتی کارەبا

# گرنگترین ئەو پرۆژانەی ئەنجام بدرێن بۆ باشترکردنی رەوشی کارەبا لە هەرێم ئەمانەن:

| ژ | پرۆژەکان |
|---|---|
| 1 | گەیاندنی بۆری گازی سروشتی بۆ وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای دهۆك |
| 2 | تەواوکردنی تۆڕەکانی 400 کیلۆ ڤۆلت لە نێوان پارێزگەکانی هەرێم |
| 3 | دامەزراندنی سیستەمی کۆنترۆڵی ناوەندی سکادا بۆ هەرێم |
| 4 | تەواوکردنی وێستگەکان و هێڵەکانی قۆناغی حەوت لە هەرێم |
| 5 | تەواوکردنی دانانی پرۆژەی پێوەری زیرەك بۆ هەرێم |
| 6 | پێدانی شایستە داراییەکانی بەڵێندەرانی ساڵانی رابردوو کە تەواوبوون |